# کێشەکانی کۆمەڵگە لە فیستیڤاڵێکدا



وەك نـەریتی سـاڵانەی خـۆی بەشـی شـێوەکاری پەیمانگـەی هونـەرە جوانـەکانی سـلێمانی فستیڤالی ساڵانەی نمایش کردنی بەرهەمـە هونەریـەکانی سـازدا, فـستیڤاڵی ئـەم سـاڵ جیـاواز لـە سـاڵانی پێـشوو بینـەر گـەر سـەلیقەیەکی هونـەری بەرزیـشی نەبوایە درکی بەو پەیوەندیە قوڵەی نێـوان کـارە هونەریـەکان و ئاوێتـەبوونی لەگـەڵ کێـشەکانی کۆمەڵگای کوردی دەکرد, هەر لە هـەژاری و کێـشەکانی گـەنجان و پیرەکانوئازادیـیـەوە تاکـو خۆسوتاندنی ژنان و...هتد.

پـشتیوان محمـود کاکـە خـان خوێنـدکاری قۆنـاغی پێنجـەمی بەشی گرافیك ووتی" لە ئیشەکانم هاوارێك هەیە کە ئەویش هاواری ئـەو گەنجانەیـە کـە زۆر ڕێگایـان لێگیراوەو, لـە نێو ئـەم هاوارانەشدا بەشێکی هـاواری ئـەو ژنانەیـە کـە ڕۆژانە ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوەو کـەس بـە هانایانـەوە ناچێت".خوێندکاران بە گشتی بۆ دیـاریکردنی بیرۆکـەی کارەکانیـان چونەتـەوە نـاو کۆمـەڵگاوەو ڕاپۆرتیـان لەسـەر کێـشەو خەمـە بـەرچاوەکانی هـاووڵاتی ئامـادەکردوەو کـارە هونەریـەکانیان لێوە هەڵێنجاندووە.

بتـوێن عـەلی خوێنـدکاری قۆناغی پێنجـەم لەبەشی گرافیـك دەڵێـت"کارەکـەم لـە میانـەی لێکۆڵینەوەیەکدا هـاتووە کـە مـن لەسەر ماڵی کوردی یاخود بینـای کوردی کردوومە بەداخەوە گرنگی نادرێـت بـە خـانووە کۆنەکانوبەڵکـو ئـەم خـانووە کۆنانـە تێك دەدەرێنو بینـای نـوێ ی لەسـەر دروسـت دەکرێت کـە لەهـەموو دنیـادا ئـەم شوێنانەی هەڵگری کەلەپوری ئـەو میللەتەن دەپارێزرێن".

ڕەوا ئازاد خوێندکاری قۆناغی پێنجەمی بەشی گرافیك دەربارەی کارەکـەی ووتـی:"لـە کارەکەمـدا دەمەوێت ئەوە بڵێم گۆڕ یاخود قەبر هەیە وەك تەلار وایە, هەشە تەنها مـشتێك خـۆڵو دوکێلە بـەردە کـە ئـەویش بـە مـروری زەمـەن نامێنێت"هەروەها دەڵێت " ژنی پیر هەیە دێتە سەر قەبری کوڕەکەی پـاش چەنـد سـاڵێك نـەماوە لەبەرئـەوەی نـەیبوە هەڵیبەسـتێت لـێرەدا مەبەسـتم ئەوجیاوازییـە چینایەتیەیە تەنانەت لە مردنیشدا یەخەمان دەگرێت".

مامۆسـتا خۆشـی شـەوقی لێپرسـراوی بەشـی گرافیـك لـە پـەیمانگای هونـەرە جوانـەکانی سـلێمانی سـەبارەت بـەوەی کـە ئەمساڵ خوێندکارەکان لە فەنتازیا دورکەوتونەتەوەولەسـەر کیـشەکانی کومەڵگاوە بەرهەمـە هونەریـەکانیان بونیـاد نـاوە ووتـی" ئەمـسال گەڕاومەتەوە بۆ کوردستان بومەتـە بەرپرسی ئەم بەشە من کارەکانم بۆ دیاری نەکردون چی بکەن, تەنها ئـەوە نـەبێت ڕێگـەم نیـشانداون کـە دەبێـت کێـشەیەك بخەنـە ڕوو لـە هـەناوی کۆمـەڵگادا بێـت وەك کێشەکانی ژنـان —پـیر —فـەقیر- منـاڵ زۆر کێـشەی ترکـە هـەن" هـەروەها ووتـی"لە بەرهـەم و کاری خوێندکارەکانـەوە ئـەوە دەردەکەوێت کـە هیـلاك بـوونو هـەوڵی گوزارشتی جوانی ئـەو کیشانەیان داوە کە دور نیە خۆیان یا کەسێکی نزیکیان کۆژانی هەبوبێت"

ڤـستیڤاڵەکە بەبەشـداری قوتابیـانی هـەر چـوار بەشـی گرافیـك, سـیرامیك, وێنەکێـشان, پەیکەرسـازیو بەسەرپەرشتی وەزیـری پـەروەردەی حکومـەتی هـەرێم لـە ڕۆژانـی 5و6/6/2007 لـە شـاری سلێمانی بەڕێوە چوو.

**ئا/ مەستورە**



# پرێسکە

گونجـاوترین ووشـە بـۆ گۆشـەیەکی ژنانـەو ڕۆژنامەیـەکی ژنانە(پرێسکە)یە, بۆیە ئەگەر هەر فەرهـەنگێك سـەیر بکـەی لـەوە گونجاوترت دەست ناکـەوێت, هـەم ووشەکە کوردیەکی پەتیەو هەمیش ڕەهەندێکی ژنانەی هەیە.

بـە پـێی هەمبانـە بۆرینـەی هـەژاری موکریانی (پرێسکە )یاخود (پریاسکە ) یـاخود (بوخچـەی لەدەستڕۆکە )بریتییە لەو کوڵە پشتە پەڕۆینـەی کـە ژنـانی ئێمـە لـە ڕابردوودا بۆ هەڵگرتنی کەلو پەل بەکاریان هێناوە, لـە تـەك ئەوەشدا لەدروست کردنیدا بەردەوام خـەونو خولیـاو بیرکردنـەوەکانی بـە وێنـە تیادروست کراوە. هـەر لـە ڕێگـەی پرێسکەوە دەمانەوێت ئەو پلەو پایە بنەڕەتیەیە هەمیشەییە بگەڕێنینەوە بۆ ژن کە لە سەرچاوەی ژیانـەوە ڕێکخەرو بەرەکەتو شادی بەخشە, بـەهۆی سـتەم کردنـی ڕەگـەزی نـێرەوە ئیفلیـج بـووە, دەمانـەوێت ئـاوی کانیـەکی سـازگاربێو مایـەی ژیـان بێت, پیـاوان هەمیـشە بێئاگـان لـەو ستەمەی بەرامبەر بو ژنان دەیکەنو نیـوەی کۆمـەڵگای خۆیـان فـەرامۆش کـردووە. پیـاوان لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستدا هەمیشە خۆیان بە گەورەو سەروەر دادەنێن, تەنانـەت ووشـەو ڕێزیان لـە ئافرەت کـەم کردۆتـەوە, ئـەم مەسـەلەیە تەشـەنەی کـردووە تائـەو ڕادەیـەی کارناسـە ئاینیـەکان بـەپێی نـەریتی باوکسالاری لە کتێبە ئاینیەکانیاندا دەسـتیان بـۆ درێـژ کـردووە بـەرەو بەرژەوەنـدی پیـاوان لایـان داوە, ئێـستاش ڕێـوان یەکـەم ڕۆژنامـە دەبێـت کـە(پرێـسکەی )لـە کەلوپەلێکی دێرینی ژنانەوە دەکاتە ناوی گۆشەیەکی ڕۆژنامەنووسی.

پرێـسکە لەمـەودوا گۆشـەیەك دەبێـت کـراوە, کـراوە بەئەنـدازەی سۆزی ژنو دڵ گەورەی دایك, ئەم گۆشـەیە هـەرجارەی قەڵـەمێکی ڕاستگۆ, لـە بـاخی گوڵـی ژنـدا دەتوانێـت چـەپکێك ووشـەو دەسـکەنەی ڕسـتەیەکی واتـادار دابنێت .

پرێـسکە دەیـەوێت گۆشـەیەکی بوێـری ژنـان بێـت, بـە دووچـاو تێکـستە جوانـەکانی شـیعر دەخوێنێتـەوەو قـسە لـە جوانـترین دەقـی مانـگ دەکـات, هـەرجارەی قەڵـەمێك سـەرنجەکانی خـۆی لەسـەر بەرهـەمی ژنێـك لـەناو پرێـسکەی ڕێوانـدا دادەنێت.

هـەر بۆیـە لـە خونچـە ژمـارەی داهـاتووی ڕێوانـەوە دەرگـای گۆشەی پرێسکەی ڕێوان کراوەیەو دەتـوانن گۆشـەنیگاکانتان لـە ڕێگـەی نوسـینەکانتانەوە ژان و ئـازارو خەمـەکانی ژنـان تۆمـار بکەن.

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر**

**ڕۆژ هەڵەبجەیی**

چەپ گەرد بوو ئەو ڕۆژە،
لەدەیرەکانی خەزەڵدا..
کچێـنی لەسـەر گەڵایـەکی مـس ڕەنگی،
خۆی دەنووسی.. درەختە پیرەکان دەیانخوێندەوە..
تاوسە ساڵ خوردەکان بەبێزارییەوە
دەیان تاشی پەیکەری لەنجە..!!
بـەبێ سـۆناتاکانی گریـان..
لەفەنەری
چـاوی پاسـارییەکاندا پەنجـەی مۆمی،
ئەو زوڵمەتانە باوێزە خواردنی،
کە دەستی عیشقیان نەگرت،
عیـشق پـیری کـردنو نامەیـەکیان نەنووسی..
عیـشق کوشـتنیو ئیعترافێکیـان نەکرد..!
من لەنەخشەی ئەو مەزرا قوڕاویەوە هاتووم،
لەکەنارەکانی عاتیفە بێ بەری
گوڵی ئەو باخچە قەتمەرانەم،
گـەر لەگیانـەڵڵادابم.. هەناسـەی نیگەرانیو
ئـاخی پـڕ لەکـەدەرو حەسـرەت هەڵنامژن..
ئـەوە عـادەتی ئـەو باخچـە قەتمەرانەبوو
کە گژوگیایەك مەمکی دەکرد،

# وڵاتـی عاتیـفە کوشتـن

چوار مێخەیان دەکێشاو



دەیاندایە بەر مشتەکوڵەی خاچ..
ئێوە باسی چی دەکەن؟!
مـن لـەزووەوە زانیـم بۆنـی گوڵـە
عیشوەکانی ماڵەکەم
شـعوری بـاران ناتـەزێنێ.. مـن
لەزووەوە زانیم
کە خۆری عیشقم پڕبووە، لەوادەی
کاسـەکانی شـەرم، بـەعورفی ئـەو
ڕێگە کوێرانەدا ئاوابوو..
کـە بۆسـەی چـەقۆکان،
بەزەردەخەنەیەکی
ساختەوە ماچیان کرد؟!
ئێوە باسی چی دەکەن؟
بەرەو کەوشەنی تاراوگەیەك،
ڕاپێچـم دەکـەن.. کاغـەزی خەیاڵـە
ئاوییەکانم،
دەدڕن، بەو مەزەندەیەی
کە دەبنە ئاسمانو درەختی ئاسۆ..
بۆ ئەو پەڕەندانەی کە ئیمپراتۆری
دارستان دەری کردن، بەتۆمەتی
خەوبینین بەفڕینێکی تر..!
لەبەرچرایەکی مەحزوندا.. جریوەی
قەڵەمەکەم ڕاکشاوە..
سێبەری ئەو دێڕانە دەشوا،
کە دەنگی موحیبەتیان ڕنی.. کە
سەدەکانی
چاوەڕوانی جێی هێشتن..
ئێوە دەڵێن چی؟!
هیچ دوعاو نزایەکی ناگاتە من
کە برین دەچێتە پرچەکان
کە برین لەهەنسکمدا دەڕوێ..
من جەستەم تژی لەبولێڵ دەستی
لێ مەدەن
داوای تەوقـەی پـیرۆزە
لەتاریکستانی
دەسـتەکانم مەکـەن، کـە چـەپکێ
مۆمی تیا خنکا..
سێوەکانی جلیوە لەم سیاسەتی
عاتیفەیەم مەوەرێنن
ئێوە دەڵێن چی
ئەمە وڵاتی عاتیفە کوشتنە
کە دانەکانی تفەنگ کرمانددیو
شۆڕشـە شکـستەکان ئەزبـەریان
کرد..!!
شۆڕشی پیاو!!
عیشقی پیاو!!
چ دیمانەیەکت پێ ناسێنم،
ئەی عیشق..
مـن لـەژێر سێبەری ئـەو ئێوارە بێ
مروەتانەوە هاتم،
کـە ڕەنگاڵـەی سـەرنجەکانم،
ئاسمانێك نەبوو
جریوەکانی کۆکاتەوە..
دەنووکی کانیلەیەك نەبوو،
برینەکانی پرچم تەڕکاو
دەستەکانم تژی کا لەزەنگیانە..!
هـەژمونی پەنجەرەیـەکم نـەبوو
بیکەمەوە
هـەتاوەکو شـنەی ئـەو بایانـە
لەچاوکەم
کـە لـەناو زەمبیلـەی ڕۆحمـدا وون
بوون..
ئایەی گەڵایەکی سۆز نەبوو،
هاواری ئەو حەرفانە بخوێنێتەوە
کـە بەدەسـتی موریـدەکانی
بێحەوسەڵەوە،
هەلا، هەلا بوون..
تکا دەکەم دوای من باسی،
هیچ مەکەن..
ئەمە وڵاتی عاتیفە کوشتنە..!!

# کوشتنی خەونێک لە دەریای خۆشەویستیدا

**نامـرێ**

ژیـان دوو دڵـۆپ فرمێـسكو خەندەیەکی بەسۆزە ئەمە پێناسەی ژیانی تۆ بوو, فرمێسکەکان وەکو بـاران دابارینـە سـەر جەسـتەی خوێناویو شەتەکدراوت, خەندەکەت لە خاچ درا,(دووعاکەم)خەوت بینی خەونێك لە دەریایی خۆشەویستیدا, لە خەونتدا ئەم دێڕە شیعرەی منت بیرچووبوو کە دەڵێت"لەگـەڵ پێما هـەنگاو مـەنێ بـۆ مـن کـارێکی گرانـە لـەووڵاتی ئـازادیو تـیرۆر خۆشەویـستی سـزادانە", ئەمـە ووڵاتی ئازادیو تیرۆرە ئازادی بۆ ئەوانو تیرۆر بۆ ئێمە, بەکام پەنجەم نووکـی پێنووسـەکەم بگـرمو دوو دڵـۆپ لـە خوێـنی پەنجەکانـم هەوێنی دەربڕینی ئەو خوێنە سورو ئاڵەت بێ کە جەستە ناسکەکەتی سـوورکردو لـە قـووڵای دڵمـەوە هەناسەکانم تێکەڵاوی ئەو هەناسە تاسـاوانەت بـێ کـە بلۆکێـك لـە سینەی ناسکدا کۆتـایی بێهێنـا. بنـوو بـۆ هەمیـشە باوەش بـە باڵی فریشتەکانا بکەو بە ئازادی بفڕە دڵنیـام لـە بەهەشـتا حۆریـەکان کڕنووش بـۆ جوانیو خۆشەویستیت دەبـەن, دەزانـن کـە تـۆ هـەوێنی عەشقێکی پاكو بێگەردو مناڵێکی بێنـازی لـە دایـك دابـڕاوو بەرسـیلەیەکی لـە لـق قرتێـنراوو گوڵێکـی نەگەیـشتووی دەسـتی خۆشەویستەکەت بـووی, دەسا لـە خـەونێکی ئەبەدیـدا چـاوە مانـدووەکانت لێـك بنـێو بنـوو بـۆ هەمیـشە تـاڵاوی ژیـانو زەبـری بلۆكو دەسـتو پەنجـەی پـڕ ڕقو تاڵاوی دڵ پڕلە قینەکان نابینێتەوە.

پێشکەشـە بـە دواهەناسـەکانی دووعا